لە بە ئەوە لیبەراڵەکان

# ئەتۆ دەبێت بۆت هەبێت ژیانی خۆت بژیت بەو شێوەی کە دەتەوێت، بڕیاری لەسەر خۆت بدەیت، خەونی خۆت هەبێت و بتوانیت کار بکەیت بۆ بەدی هێنانیان. ئەوە ئازادیە، و لیبەرالیسم دەربارەی ئەوەیە.

## نموونەیی لیبراڵی

**لیبەراڵیسم بە مانای ئازادیە.** بەڵام ئەوە هەر هەمان شت نییە کە هەموو دەبێت بۆیان هەبێت هەرچۆنێک دەیانەوێت وەها بکەن. ئەگەر ئازادیەکە هەموو بگرێتەوە - و نەک تەنیا ئەوەی کە گەورەترین و بەهێزترینە - ئێمە پێویستمان بە ڕێساگەلی هاوبەشانەیە. ئەوە لەبەر ئەوەیە ئێمە بۆ نموونە ئازادی ڕادەربڕین، ئەرکی چوونی خوێندنگا و پۆلیسمان هەیە و پێکەوە یارمەتی دەدەین بۆ کار کردن و دانی پارەی باشبژێتی. نموونەی بیری لیبرالی

## هۆشداری بۆ ناوەرۆکی لیبراڵی

**بیرەکانی لیبراڵەکان هەمیشە ئەوانەی بێزار کردوە کە دەیانەوێت حوکم بکەن.** بەرگریکارەکانی ئازادی جیاواز بوون بەدرێژایی تەمەنەکان: پاشا و بەگ و پاشان نازی و کۆمۆنیست. ئەمڕۆ پۆپۆلیزتەکان و توندڕەوەکانن. لە دەوروبەری جیهان و سوید خۆیان و بێڕێزیی خۆیان لە دژ دیموکراسی، زانیاری و فرەلایەن نیشان دەدەن. ئێستا کاتی بەرهەڵستانە. دەنگ بدە بۆ ناوەرۆکی لیبراڵتر لە سیاسەت.




## گرینگترین پرسیارەکانی ئێمە

لە کاتێک خوێندنگا باش بەڕێوە ناچێت، و خوێندکارەکان ئەوەی کە پێویستیانە فێر نابن - ئەو کاتە ئازادی دروست کردنی ژیانی خۆ کەمتر دەبێتەوە. و کاتێك یەککستن سەر ناکەوێت، و جیاوازی بەینی خەڵک زیاتر دەبێت - ئەو کاتە مرۆڤەکان پێشیان پێدەگیرێت لە بەڕێوە بردنی ژیانی خۆیان. لەبەر ئەوە خوێندنگا و یەککستن گرینگترین پرسیارن بۆ لیبراڵەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨.

**ئێمە خوێندنگا بە یەکەم دادەنێین،** لە بەر ئەوەی خوێندن دەرفەت و ئازادی دەستەبەر دەکات. ژووری پۆل دەبێت شوێنێک بێت بۆ زانیاری، ئارامی و ئاسوودەی کار.

**ئێمە سویدێکمان دەوێت کە پێکەوە یەکتر دەگرن،** لەوێ سویدیە تازەکان دەتوانن خۆیان بەخێو بکەن و بەشداری بکەن و هاوکاری بکەن. زمان، کار و یەکسانیی ڕێگای هاتنە نێو کۆمەڵگان.



**یان بیۆرکلووند.** سەرۆکی جیزبی لیبراڵەکان. تەمەنی ٥٦ ساڵە، لە برۆما دەژیت لەگەڵ خێزان و دوو کوڕەکەی. وەزیری فێرکاری بووە، و بە ڕای ئەو هەموو شتێک بە خوێندنگایەکی باش دەست پێ دەکات.

**حوکمەت.** لیبراڵەکان دەیانەوێت حوکمەتێکی تازە دابمەزرێنن پێکەوە لەگەڵ ئەو حیزبەکانی دیکە لە هاوپەیمانییەکە: ئێم، سی و کۆ.دی. لیبراڵەکان بەشێک نابن لە حوکمەتێک کە دەستلاتی کار لەسەر کردنی سیاسەتی حوکمەت بدەن بە سوید دیموکراتەکان.

**ئێمەین لیبراڵەکان.** پێشتر ناومان فۆلکپارتیەت بوو. ساڵی ١٩٣٤ حیزبەکە پێک هات، و ساڵی ٢٠١٥ بڕیارمان دا بەسادەیی ناومان ئەوە بێت کە ئێمەین - لیبراڵەکان.

Liberalerna

**هۆشداری! ناوەرۆکی لیبرالی. لەوانەیە بێزارکەر بێت بۆ پۆپۆلیزتەکان، توندڕەوەکان و سۆسیالیستەکان. ڕاستی و پساتپەرەستی دەتوانن بە جیددی زیان بە پێشداوەری و پۆپۆلیزم بگەیەنن.**


liberalerna.se / info@liberalerna.se / 020-53 53 53

## یەکەم خوێندنگا

لە خوێندنگا هەموو منداڵە دەبێت بزانن کە هەموو شتێک شیاوە. بەڵام ئەمڕۆ هەر شەشەم قوتابیی خوێندنگا بەجێ دەهێڵێت بە بێ زانیاری بەس بۆ ئەوەی بتوانێت دەست بە خوێندنگای ئامادەی بکات. ژووری پۆلەکان زۆر کات بەهەراوهوریا و شپرزەن. مامۆستا نییە. ئەوانەی کە پێویستیان بە ئارامی و ئاسوودەیە ناتوانن سەرنجیان خڕ بکەنەوە، و ئەوانەی کە دەتوانن زیاتر پێشکەون ململانێ کەم وەردەگرن. ناکرێت دۆخەکەمان بەو شێوە بێت.

**کاتی زیاتر و زانیاری دروست.** هیچ کورتەڕێگایەک نیە بۆ زانیاری: پێویست بە کات و فێرکاری کارزانە. ئێمە دەرس دانی زیاترمان دەوێت لە لایەن مامۆستاکان و کاژێری دەرس دانی زیاتر. چوونە خوێندنگا دەبێت دە ساڵ بێت بۆ هەموو، و ئەو کەسەی کە پێویستی بە کاتی زیاترە دەبێت ئەوە وەرگرێت.

**ئارامی و ئاسوودەی لە ژووری پۆل.** بە هەراهەرای کەمتر لە ژوورەکانی پۆل، هەم خوێندکارەکان وەزعیان باشترە و هەم مامۆستاکان. پشتگیری زوو، مامۆستای تایبەتی زیاتر و گرووپی دەرس دانی زیاتر بۆ ئەوانەی کە پێویستیانە. و هەموو ژووری پۆل دەبێت ئازاد بن لە تەلەفۆنی گیرفانی.

**بژی مامۆستاکان.** پیشەی مامۆستا گرینگترینە لە جیهان - دەبێت مووچە و پلەوپایە و مەرجگەلی کاریان باشتر بکرێت. کاریاری کاری زیاتر و دەرفەتی زیاتر بۆ پێشکەوتن. خوێندنی باشتر لەگەڵ زانستی فێر کردنی زیاتر، سەرکردایەتی و پراکتیک.

## یەکخستنی باشتر

کۆچ کردن سویدی باشتری کردووە، زیرەکتر و دەوڵەمەندتر بەدرێژایی تەمەنەکان. بەڵام ئەمڕۆ گرفتی گەورە دەبینین لەگەڵ لەدەرەوە بوونی کۆمەڵگا، بێکاری و نادڵنییای لە قەراخەکانی شار و ناوچەکانی بەرکەتوو. مرۆڤانێکی زۆر دەرفەتی ژیانی سەربەخۆیان نیە. سویدی تازە دەبێت بتوانن خۆیان بەخێو بکەن و بتوانن بەشداری بکەن و کۆمک بکەن.

**زمان و کار.** زمانەکە بلیتێکە بۆ هاتنە نێو کۆمەڵگای سویدی، بۆ ئازادی و خۆبڕیاردان. ئێمە داواکاریی ڕوونترمان دەوێت بۆ بەخێرا فێربوونی زمانی سویدی. کاری چوونەژوور بە تۆزێک مووچەی کەمتر و ڕێساگەلی هاسانتر ڕێ دەدات بە خەڵکی زیاتر کە بتوانن یەکەم کاریان بدۆزنەوە.

**یەکسانیی بۆ هەموو.** هەمان ئازادی و مافگەل بۆ هەموو ژنان. بەربەرەکانی کردنی چەوساندنەوەی شانازی لە ڕێگای زیاترکردنی زانیاری، یاسای ڕوونتر و سزای توندوتیژتر. توندڕەوی دینی و پۆلیسی ئەخلاق هیچ جێگایان نیە لە سویدێکی هاوچەرخ.

**قەراغ شاری سەلامەتتر.** لە کاتێک دەستەی تاوانبار شەقامەکان و مەیدانەکان لە ژێر دەستی خۆیان دەخەن، ژیانی ڕۆژانە نادڵنییا دەبێت. ئێمە پۆلیس و پاسەوانی دڵنییای زیاترمان دەوێت، هیمەتگەلی زووتری کۆمەڵایەتی و کاری چڕوپرتر لە دژ دەستە و توندڕەویی توندوتیژ.




## سیاسەتی لیبراڵی زیاتر

**بەڵێ بۆ ئەوروپا.** ئێمە دەبێت هاوکاری بکەین بۆ چارەکردنی هەڕەشی کەژ، تاوانکاریی نێونەتەوەیی و وەئەوستۆ گرتنی بەرپرسیاری مرۆڤانی ئاوارە. ئێمە هاوکاری زیاتری یەکێتیی ئەورووپامانی دەوێت و دەمانەوێت بەشداری یوەرەو بکەین.

**یارمەتی دانەکە ڕزگار بکە.** مافی هەبوونی یارمەتی تاکەکەسی بۆ ئەو کەسانەی کە کەمئەندامی فراوانیان هەیە دەرفەتیان پێدەدات کە ژیانێک وەک کەسانی دیکە بژین. جاروبار ئازادی دەبێت گرانبەها بێت.

**دەرس خوێندن، گران کار کردن و بەڕێوە بردنی شیرکەت دەبێت بەنرخ بێت.** ئێمە دەمانەوێت باجەکان کەمتر بکەینەوە.

**ئازادی هەڵبژاردن لە باشبژێتی.** چاودێری کردنی چۆنیەتی و بە وردی تێبینی چۆنیەتی بەکارهێنانی پارەی باجی ئێمە، بەڵام فرەلایەنی لەناو مەبەن.

**ڕێگا بدەن پیرەکان بۆ خۆیان بڕیار بدەن.** هاسانتر بێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاتر کار بکەن. دەستەڵاتی زیاتر لە خزمەتگوزاری بەساڵاچوان. خانووبەرەی جۆری جیاوازتری زیاتر بۆ هەڵبژاردن.

**هۆشداری! ناوەرۆکی لیبراڵی. لەوانەیە بێزارکەر بێت بۆ پۆپۆلیزتەکان، توندڕەوەکان و سۆسیالیستەکان. ڕاستی و پساتپەرەستی دەتوانن بە جیددی زیان بە پێشداوەری و پۆپۆلیزم بگەیەنن.**

Liberalerna

liberalerna.se / info@liberalerna.se / 020-53 53 53